پ 1) لەناو بۆشاییەکەدا پیتی وەڵامی راست بنووسە:

1. ____ کە ئاسایی لە نزیك ناوەراستی خانەدایە بریتیە لە مەڵبەندی دەست گرتن بەسەر خانەدا.
   a) سایتۆپلازم
   b) مایتۆکۆندریا
   c) ناووك

2. لە قوناغەکانی کەمە دابەش بوونی I، لە ____: دروست بوونەوەی ناووکە پەردە لەوکاتەی کە خانەکە دابەش دەبێت.
   a) Metaphase I
   b) Anaphase I
   c) Prophase I
   d) Telophase I

3. زانست ئەوەی سەلماند کە رەگەزی کۆرپەلە کور بێت یان کچ ____ دیاری دەکات.
   a) دایك
   b) باوك
   c) باوك و دایك

4. لە دیاردەی داون یا مەنگۆلیزم Down Syndrome or Mongolism مرۆڤ تووش بووەکە ____ کرۆمۆسۆمی لەخانەکانیدا دەبێت لەبریتی 46
   a) 45
   b) 47
   c) 49
   d) 51

5. هەردوو زانا لویس ترومان و کاترین مایلز، ژمارەیەکی زۆری پیاو ژنیان تاقیکردەوەو کۆمەڵێك پرسیاری هەمە چەشنەیان بەسەردا کردن بۆ ئەوەی وەلامی بدەنەوە، لەپاشدا وەلامەکانیان کۆکردەوەو شیتەڵیان کرد، بۆ هەر وەلامە پلەیەکیان دانا، ____.
   a) بۆ هەر وەلامێکی نێری (+2)یان دایەو بۆ هەر وەلامێکی مێ یی (+1)یان دایە
   b) بۆ هەر وەلامێکی نێری (+3)یان دایەو بۆ هەر وەلامێکی مێ یی (−2)یان دایە
   c) بۆ هەر وەلامێکی نێری (+1)یان دایەو بۆ هەر وەلامێکی مێ یی (−1)یان دایە
   d) بۆ هەر وەلامێکی نێری (−1)یان دایەو بۆ هەر وەلامێکی مێ یی (+1)یان دایە

پ 2) هێمای راست ✓ یان هێمای هەلە × دانی بەرامبەر بەهەر رستەیەك:

1. خانە بریتیە لەیەکەی بنچینەیی پێکهاتن و فرمان لەگشت زیندەوەرەکاندا.
2. دەزوەدابەش بوون (Mitosis): کردارێکی لەبەرگرتنەوەیە ئەو خانانە بەرهەم دەهێنێت کە نیوەی ژمارەی سروشتی کرۆمۆسۆمیان تێدایە.
3. روخسارە بابەت: شێوەی زیندەوەرە، روخسارە بابەتی رەنگی گوڵی رووکی پۆڵکە کە ئەلیلەکانی (PP) یان (Pp) گوڵی ئەرخەوانی دەبێت بەلام گوڵی سپی دەبێت کە ئەلیلەکانی (pp).
4. بۆماوە زانی سەلماندی کە ناوکی خانەی هەر مرۆڤێك (46) چل و شەش کرۆمۆسۆمی تێدایە کە بەشێوەی تاك، واتە (23) جووت.
5. هۆی سەرەکی دیاردەی داون یا مەنگۆلیزم Down Syndrome or Mongolism ئەوەیە کە لە هێلکەی ژناندا کرۆمۆسۆمی 21 لەیەکتری جیانەبوونەتەوە واتە 23 کرۆمۆسۆمی تێدایە کەدوانیان (21)ە.

**پ 3) ئەم بۆشایانەی خوارەوە پربکەوە:**

1. **دایك و باوك هەریەکەیان بە (23) تاك کرۆمۆسۆم بەشداری دەکەن لە دروست بوونی ______________ و خاسیەت و سیفاتەکانیان لە رێگەیانەوە بۆی دەگوێزرێتەوە.**
2. **لەمێ–یشدا، هۆرمۆنی نێر کە پێ ی دەڵێن ئەندرۆجین، لە سەر ______________ رژێن و بەشێکیشی لە هێلکەداندا دروست دەبێت.**
3. **ئەو کەسانەی سەر بەخوێنی Oن، خوێنی ______________ یان بۆ دەبێت.**

**پ4) باسی ناتوخمە زۆر بوون بکە:**